# پاشکۆی ٢

٢٩ی نیسانی ٢٠٢٠

دکتۆر دیندار زێباری

ڕێکخەرو داکۆکیکاری نێودەوڵەتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان

بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێکی هیومان ڕایتس وۆچ لەسەر ئازادی ڕادەربڕین لە عێراق بەم نزیکانە

بەڕێز دکتۆر زێباری

سوپاس بۆ هاوکاریە بەردەوامەکانت بۆ هیومان ڕایتس وۆچ. پێزانینی زۆرمان هەیە بۆ خواستی تیمەکەت لە بەردەوامی کردنەوەی هێڵی پەیوەندی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئاستەنگەکانی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان و خستنەڕوی پێشنیاز لەسەر چۆنیەتی سەرکەوتن بەسەر ئەو ئاستەنگانەدا. بەتایبەت پێزانینی تەواومان هەیە لەسەر خواستی جەنابت لە دیراسەکردنی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکانی هیومان ڕایتس وۆچ و پێشکەشکردنی تێڕوانین و زانیاریەکانی جەنابت لەوبارەیەوە.

مەبەست لە نووسینی ئەم نامەیە داواکردنی زانیاری پەیوەستە بە توێژینەوەیەک کە هیومان ڕایتس وۆچ ئەنجامیداوە لەسەر ئازادی ڕادەربڕین لە عێراق کە لە پلانماندایە لە حوزەیرانی ٢٠٢٠ بڵاویبکەینەوە. لەم نامەیەدا دەمەوێ وەڵامی چەند پرسیارێک کە لە خوارەوە هاتوون لە جەنابتەوە وەربگرین. لەپێناو خستنەڕوی زانیاری وردو بێلایەن، سوپاسی جەنابت دەکەین ئەگەر تا ٢٠ی مایسی ٢٠٢٠ وەڵاممان بدەیتەوە تابتوانین ئاماژە بە تێڕوانین و کۆمێنتەکانی جەنابت بکەین لە ڕاپۆرتەکەدا.

لە ڕاپۆرتەکەدا کە بەم زوانە بڵاودەکرێتەوە، هیومان ڕایتس وۆچ لێکۆڵینەوەی لەو شێوازو ڕێگایانە کردوە کە بەرپرسان و دەسەڵاتداران بەکاری دەهێنن لە گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی لەدژی ئەو کەسانەی ڕەخنەیان لێدەگرن لە ڕێگەی بەکارهێنانی بڕگەکانی ناوزڕاندن و هاندان کەلە یاسای سزادانی عێراقی و یاسای تردا هاتووەو ماددەکانیان پێناسەیەکی ناڕوون و ئاشکرایان نیە. لێکۆڵینەوەمان لە ٣٣ کەیس کردووە کە تێیدا داوای یاسایی لەدژی ڕۆژنامەنوسان و چالاکەوانان پێشکەش کراوە لە نێوان ساڵی ٢٠١٦ بۆ ٢٠٢٠. حەوت لە کەیسەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بوون.

ئەم کەسانە ووتیان، هەرچەندە چەند کەسێکی کەم بە تۆمەتی ناوزڕاندن زیندانی کراون، پرۆسەی دادگایکردنەکەو گرتنەبەری ڕێکارە یاساییەکان لە دژیان خۆی لە خۆیدا سزادان و بۆ چاوترساندنە. ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا بە هیومان ڕایتس وۆچیان ووت، لە پێناو تۆقاندنیان بەرپرسان چەندین جار داوای یاساییان بۆ هەمان تۆمەت لە دژیان تۆمارکردوە هەرچەندە زانیویاشیانە کە کەیسەکان بە هیچ ئەنجامێک ناگات لە دادگادا.

لە زۆرێک لەو کەیسانەی لێکۆڵینەوەمان لەسەر کردون، دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتیان بە یاسای سزادانی عێراقی بەستووە، بەڵام لە هەندێک حاڵەتیشدا هەستاون بە بەکارهێنانی بڕگەکانی یاسای ڕێگریکردن لە خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی و یاسای ڕۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستان.

بە ڕەچاوکردنی ئەو تێبینیانەی سەرەوە، سوپاسی بەڕێزتان دەکەین ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارانەی لای خوارەوە بدەنەوە:

- لەنێوان ساڵی ٢٠١٧ بۆ ٢٠٢٠ چەند کەس بەپێی بڕگەکانی ١٥٦، ٢٠٢، ٢١٠، ٢١٢، ٢٢٥، ٢٢٦، ٢٢٧، ٢٢٩، ٢٤٠، ٣٧٢، ٤٠٣، ٤٣٣، و٤٣٤ی یاسای سزادانی عێراقی لە هەرێمی کوردستاندا سزادراون، تکایە دەتوانی

چەند زانیاریەکی سەرەتایی وەک جۆری تۆمەتەکان و ڕاستی کەیسەکان و ماوەی سزاکان لەسەر هەریەک لە کەیسەکان بخەنە ڕوو؟

- لە نێوان ساڵی ٢٠١٧ بۆ ٢٠٢٠ چەند کەس بەپێی یاسای ڕێگریکردن لە خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی لە هەرێمی کوردستان سرزادراون؟ تکایە چەند زانیاریەکی سەرەتایی سەبارەت بە جۆری تۆمەتەکان و ڕاستیەکانی کەیسەکەو و ماوەی سزاکان لەسەر هەریەک لە کەیسەکان بخەنە ڕوو؟
- لە نێوان ساڵی ٢٠١٧ بۆ ٢٠٢٠ چەند کەس بەپێی یاسای ڕۆژنامەوانی هەرێمی کوردستان سرزادراون؟ تکایە چەند زانیاریەکی سەرەتایی سەبارەت بە جۆری تۆمەتەکان و ڕاستیەکانی کەیسەکەو و ماوەی سزاکان لەسەر هەریەک لە کەیسەکان بخەنە ڕوو؟
- تکایە بە ڕونی و بە وردی باسی هەموو ئەو ڕێوشوێنانە بکەن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرتویەتیەبەر لە پێناو کەمکردنەوەی هێرش بۆسەر ئەو ڕەخنەگرانەی حکومەت کە هێرشیان دەکرێتەسەر تەنها لەبەرەوەی پەیڕەوی مافەکانیان لە ئازادی ڕادەربڕین دەکەن چ لەلایەن خەڵکی تایبەتەوە بێت یان لەلایەن نوێنەران و دامودەزگاکانی حکومەتەوە بێت.

تکایە وەڵامەکانتان و هەر پرسیارێکتان هەیە ئاراستەی بەڵقیس ویلی، توێژەری باڵای جەنگ و قەیران بەم ئیمەیڵە یان ژمارە تەلەفۆنە بکەن.

لەگەڵ ڕێزدا،

ئادەم کوگڵ

جێگری بەڕێوەبەری بەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕست و

باکووری ئەفریقا لە هیومان ڕایتس ۆوچ.